ڕەشید و مالیکی: دەستدرێژی زایۆنیستەکان بۆ سەر ئێران هەڕەشەیەکی جیددییە بۆ سەر ئاسایشی ناوچەکە

سەرۆک کۆمار، عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید و سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، نووری مالیکی، ئەمڕۆ سێشەمە، دووپاتیان کرد کە دەستدرێژی زایۆنیستەکان بۆ سەر ئێران مەترسییەکی جیددی بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە دروست دەکات.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، نووری مالیکی، لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەستی موتەبع کۆتووە تێیدا هاتووە ، "ئەمڕۆ سەرۆکی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا، نوری مالیکی، لە نووسینگەی خۆی پێشوازی لە سەرۆکی کۆمار، عەبدول لەتیف جەمال ڕەشید" کرد، بۆ ئاماژەدان بەوەی "لە کۆبوونەوەکەدا باس لە پێشهاتەکانی دەخی سیاسی وڵات و خراتربوونی تەحەددای ناوچەیی کرا، بەتایبەتی لە ژێر ڕۆشنایی تەحەددیاتی ناوچەکەدا هەرشی زایۆنیستەکان بۆ سەر کۆماری ئیسلامی ئێران".

لەو ڕاگەیەندراوەکە ئەوەیش هاتووە کە ، "هەردوولا جەختیان لە گرنگی پاراستنی عێراق و گەلەکەی و سەقامگیرییەکەی و چەسپاندنی بڕەی ناوخۆ و بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەکانی ئێستا و پاراستنی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە عێراق کردەوە".

هەروەها ئەوەیش هاتووە کە ، "کۆبوونەوەکە جەختی لەسەر پێویستی گرتنەبەری دیالۆگ و هەمنی و

بەکارهێنانی عەقڵ لە مامەڵەکردن لەگەڵ قەیرانەکاندا کردەوە، بە شێوەیەک کە مافی گەلان و ئاسایشی دەوڵەتان بپارێزێت، هەروەها ناوچەکە لە گرژی و پەرەسەندنی زیاتر بپارێزێت".

بەگوێرەی راگەیەندراوەکە ئەوەیش هاتووە کە، هەردوولا "ئیدانەی توندی خێیان بە دەستدرێژیی زایەنیستەکان دژی ئێران" دەربڕیو، جەختیان لەوە کردووەتەوە کە "ئێم پەرەسەندنە مەترسیەکی جیددی بە سەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە دروست دەکات و پەشێلکردنی ئاشکرای یاسا نێودەوڵەتییەکان پێکدەهێنێت".